پرۆسەی خۆکوژی لەدەقدا

ئارام سدیق

مرۆڤ لەرێگای خواست و ئارەزووی سروشتەوە لەدایکدەبێت, لەسروشتیشدا دەمێنێتەوە, سەرەڕای ئەمەش دەتوانێت بەسەر سروشتیشدا سەربکەوێت. مرۆڤ ناچارە بنەمای کارو بڕیار وەرگرتن بدۆزێتەوە لەباتی بنەما غەریزەییەکانی دایانبنێت[١], بەڵام کاتێك مرۆڤ بەشێکی زۆری یان هەموو ئیرادەو ئومێدی لەدەست دەدات, ئەوا توانای سەرکەوتنی بەسەر هیچ کام لەکۆسپەکانی ژیاندا ناپێت, هەر لەکۆنیشەوە مرۆڤ هەوڵی داوە ئەو شتانەی کە لەژیانی حەقیقیدا بۆی نایەتەدی, لەرێی خەیاڵ و نووسینەوە بیاخۆڵقێنێ, بۆیە کاتێك دەقێك باس لەفرینی مرۆڤ دەکات, ئەمە گوزارشتە لەو خولیا دێرینەی مرۆڤ باس لەژیان دەکات لەسەر هەسارەیەکی تری بەدەر لەزەوی ئەمەش ئاوات و هیوای دێرینی مرۆڤە بۆ گەیشتن بەو شتانە. من پێموایە هەموو ئەو کەسانەی خۆیان کوشتووە, هەموویان کەسانی ئازاو چاونەترسن و لەمەرگ ناترسن, زۆر کەسی تریش هەن کە هەوڵی خۆکوژیان داوە, بەڵام ترس لەمەرگ نەیهێشتوە ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن, واتە بەمانای وشە ترسنۆکن و هێزی ژیاندۆستی لەناخیاندا بەهێزترە لەغەریزەی مەرگدۆستی, بەڵام ئەو کەسانە ویستویانە لەرێی ترەوە تەعبیر لەو پرۆسەیە بکەن, کەسانی نووسەر هەمیشە ئەو پرۆسەیەیان لەنێو دەقەکانیاندا تەوزیف کردووەو کەم نین ئەو نووسەرانەی کە لەکوردستان و جیهاندا خۆکوژی رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە لەدەقەکانیاندا. ئەلبێرت کامۆ یەکێکە لەو نووسەرانەو ئەو لە(ئەفسانەی سیزیف)دا بانگەشەی خۆکوژی دەکات, ئەو دەڵێت(خۆکوشتنی جەستەیی)ش بەهەمان شێوە رەتکردنەوەی لۆژیکی پوچییە, چونکە مرۆڤ کە خۆی دەکوژێت مانای وایە بەپوچی قایلە لەکاتێکدا مرۆڤ دەبێ هەمیشە بەپوچی ناقایل بێت و ژیان واتە دەبێ رێبەدین پوچی بژی و بمێنێ, مرۆڤ دەبێ لەنێو دیوارەکانی پوچییدا بمێنێتەوە, ئادەمیزاد وەختێك خۆی دەکوژێت, ئاڵومێدی بۆ ئەو کارە هانی دەدات, بەڵام مرۆڤی ئەبسێرد (پووچی) ئومێدی نییە, لەبەرئەوەی نازانێ ئومێدی چییە? هەربۆیە خۆی ناکوژێت[٢].

کەواتە خۆکوشتن نەفیکردنی(پووچی)یەو هەڵاتنە لەم دنیایەی کە جگە لەو هیچی دی شك نابەین, مەزنی مرۆڤیش لەوەدایە لەبەرامبەر (پووچی)دا سەرکەش و یاخیبێت و لەئاستیدا خودی خۆی بسەلمێنێت. جگە لەوەی خۆکوشتن پرسیار دەکوژێت, لەکاتێکدا رەتکردنەوەی خۆکوشتن پێداگرتنی مرۆڤە لەسەر پێداویستی پرسیارکردن و ژیان لەناو گرفت ئامێزی بوون و پرسیاری بەردەوامداو ئابرومەندیی ئادەمیزادو گەورەیی ئیرادەشی بەمانەوە بەندە. کەواتە ژیان لەناو (پووچی)دا واتە ژیان لەناو یاخیبوونێکی هەمیشەییدا, یاخیبوونی بەردەوامی مرۆڤ دژ بەتەواوی ئەو شتانەی دەیانەوێت لەئینسانیەتی کەم بکەنەوە. ئەمانە بۆچوونی کامۆن لەسەر ژیان و هەلبژاردنی مەرگ, بەڵام کافکاش هەمان پرۆسەی خۆکوژی لەنووسینەکانیدا تەوزیف کردووە(مەسخ)[٣]ی کافکا نموونەیەکە لەدەقی ناهۆشەندی, دەقێکە کە ماناکانی لەپەیوەندییەکانی ئەو دووانەدا دەردەکەون, کافکا کە دەیەوێ باس لەئازارەکانی مرۆڤی سەردەم بکات لەرێی کەسایەتی پاڵەوانی رۆمانەکەی, ئەویش بەخوێندنەوەی ناخی کەسایەتی و دەروونی کەسایەتییەکەی, بەچۆرێك کە رەنگدانەوەیەکە بۆ حالەتی نائومێدی کافکا لەژیانی



کافکا

ئەم سەردەمەدا کە مرۆڤ تووشی نائومێدی دەکات... سەرەڕای ئەوەش کێشە دەروونیەکانی... شێوەیەکە لەداپلۆسینی ژیان بۆ مرۆڤ. دیارە پرۆسەی خۆکوژی لەدەقدا تەنها لای نووسەرانی جیهانی رەنگدانەوەی نییە, بەڵکو لای نووسەرانی کوردیش کەم تا زۆر رەنگدانەوەی هەبووە, من هەوڵ دەدەم چەند نموونەیەك بهێنمەوە کە لەم پێنج ساڵەی دواییدا بەرچاو هاوڕێکانیدا داوە).

تا نووسەر دەڵێت: (لەو ساتەدا پاشگەز بوومەوە لەگاڵتەی هەموو ئەو جارانەی کە هاوڕێکەم باسی خۆکوشتنی دەکرد..! هاوڕێکەم زۆر بەبێدەنگی مرد, جگە لەدو دێڕەی سەر ئەو پارچە کاغەزە هیچی بۆ بەجێنەهێشتم, ئەو دوو دێڕەی لەهەرسێ شەوی مانەوەم لەماڵی مامۆستاکەمدا بەبەردەوامی دەخوێندەوە, کە نووسیبووی: -لەباسی مەینەت و چارەڕوانی جێبەجێکردنەکەی دەکەن, بەر لەخۆکوژیەکە خزم و کەسوکار هەریەکەو رێگەیەك بۆ خۆکوژییەکەی دادەنێ, بەڵام کرۆکی بڕیاردان بۆ خۆکوژی بێئومێدی و ڕەشبینییە, چونکە نووسەر وای بۆ دەچێ و دەڵێت: (ژیان بایەخی ئەو هەموو چەرمەسەریەی نییەو دەبێت خۆی لەچنگ رزگار بکات), یان پێیوایە خۆکوژی هەڵبژاردنێکی تاقانەیە, بەڵام کاتێ خالی گێرەرەوە بڕیاری خۆکوژی دەدات, لەو ساتەدا بەژنی شووشەیی کچێك لەناو

ئەلبێر کامۆ

حەمامێکدا پەشیمانی دەکاتەوە و دەڵێت: (ئایا دروستە بەبێئەوەی ئەم دونیا نەناسراو نامۆیە تەجرەبە بکات خۆی بکوژێ?) ئەو پێیوابوو ئەم ئەزموونە بایەخی ئەوەی هەیە بۆ ماوەیەك گەلاڵەی خۆکوژی خۆی دوورخاتەوە, هەربۆیەش بۆ جارێکی دیکە پر بەچاو لەدەلاقەی حەمامەکەی ڕوانیوە پڕاو پڕی پرسیارێکی سووتێنەر بووە. بەڵێ کەس تەنانەت خالیشم ناتوانێ حاشا لەوە بکات. (ژن) پرسیارێکی یەکێکە لەو شیعرە فرەڕەهەندانەو دەکەرێ چەندین ڕای جیاواز هەڵبگرێ, پەلام ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە بڵێم شاعیر لەسەرەتاوە هەوڵی کوشتنی دوژمنەکانی دەدات و دەیەوێ لەناوی بەرێ, بەڵام لەکۆتاییدا دەڵێت: دوژمن کێیە?/ دەستم لەسەر مشتووی خەنجەر سارد دەبێتەوە/ زمانم تەتەڵە دەکا/ ڕەنگم دەبزرکێ/ کەسێك نییە بشێ ببێ بەدوژمنم/ دەمی خەنجەر بەلای خۆمدا دەسوڕێنم/ ئەوەی پێویستە بکوژرێ/ تەنیا خۆمم.

ئەمە ئەوە روون دەکاتەوە کە شاعیر دەیەوێ دوژمنەکانی بکوژێ, بەڵام دواجار هەست بەوە دەکات کە تەنها خۆی دوژمنی خۆیەتی, بۆیە دواجار بڕیار دەدات ئەو دوژمنە کە خۆیەتی بیکوژێ.

بەرزان هەستیار لەدەقی (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن)[٧]دا باس لەخۆکوشتنی خۆی دەکات بۆ ئەو کەسەی کە ئەم چاوەڕێیە لەئێوارەیەکدا پێی شاد بێ, بەڵام ئەو نایەت, شاعیر سەرەتا دەنووسێت: هیچ ئەسەرێکت نییە/ فریای ئەم خۆکوشتنە جوانەم ناکەویت.

لێرەدا بڕیاری خۆکوژی بڕیاری پێشوەختی خۆکوژەو دەشێەوێ بەجۆرێك ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات کە تایبەتمەندی هەبێت شاعیر دەنوسێت: **ئەمە ئەو خۆکوشتنەیە.../ وەکو قیامەت یەك جار ڕووئەدات/ ئەو خوێن بەڕبوونەیە/ هیچ دەمارێك بەخۆیەوە نەبینیووە,/ لەم خۆرنشینەدا/ لەگەڵ هاتنی تۆدا/ لێزەمەی خۆکوشتن داوەت دەکەمە مالەکەم/ لەگەڵ دیارنەبوونی تۆدا/ لەرزینی گوللەیەك گەرم ئەکەمەوەو/ ئەویش داخبوونی من ئەکات بەسەهۆڵ.**

دواتر شاعیر تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بیرۆکەی خۆکوژییەکەی شتێکی تازە نییە, بەڵکو عەیامێکە بڕیاری داوە تا دەنووسێ: **دەمێکە شوونمی ئەم خۆکوشتنە../ تکاوەتە سەر کەڵاکانی هەناوم.**

شاعیر لەزەت لەو خۆکوشتنە دەبینێ و چیتر ناتوانێ بەرەنگاری ئەو مەرگدۆستییە بێت, ئەم دەقە زۆر ڕاشکاوانەتر لەدەقەکانی تر پێشوترو جەریئانەترو یان دەتوانین بڵێی (کامۆ)یانە بانگەشەی خۆکوژی دەکات. ئەم چوار دەقەی قسەمان لەسەرکرد دوو وێنەی جیای پرۆسەی خۆکوژی دەخەنەڕوو لەدەقدا, وێنەیەك نووسەر ناڕاستەوخۆ دەیخاتەڕوو و باسی خۆکوشتنی کەسانی تر دەکات, وێنەیەك نووسەر باس لەخۆکوژی خۆی دەکات. چەند لێکۆڵینەوەیەك ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو نووسەرانەی لەنووسینەکانیاندا پرۆسەی خۆکوژی ئەنجامدەدەن, یان زۆر باسی دەکەن بەراستی خۆیان ناکوژن, کەچی ئەوانەی بەتەواوی بێدەنگەی لێدەکەن بەراستی خۆیان دەکوژن. گۆتە ئەگەرچی جار جار بەقوڕسی شێتی دەیگرت, بەڵام هەوڵی خۆکوشتنی نەداوە, تەنها قارەمانی ڕۆمانی (آلام فارتر) کە یەکەمین ڕۆمانی گۆتەیە خۆی کوشت و بەجۆرە گۆتە ئەو ئەرکەی لەخۆی دوورخستەوە.

سەرنج: ئەم نووسینە بەشێکە لەبابەتێك بەناونیشانی (نووسەران هەڵبژاردنی مەرگ), کە لێکۆڵینەوەیەکی (سۆسیۆساسکۆلۆژی)یە لەمەڕ خۆکوژی نووسەران.

بەرزان هەستیار

دڵشاد عەبدوڵڵا



سیامەند هادی

دەردی دەروونی بۆیە دەم نادەم/ لەخوێناوی دڵی پڕغەم کە سینەم مەوج ئەدا تا دەم.

چیدی نەمتوانی دوای مردنی هاوڕێکەم لەو شارەدا بمێنمەوە, لەو ژوورەدا بگوزەڕێنم.. هەربۆیە کاتێك جانتاکەم بەشانمدا شۆڕکردبۆوە, بێ ئاوردانەوە لەو ژوورە, بڕیارمدا بەیەکجاری ئەو شارە بەجێ بهێڵم..!!) نووسەر کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە ئەوەشی دەستنیشانکردووە کە چۆن و بەچی هاوڕێکەی خۆی دەکوژێ و وەسفێکی ئەو ژوورەش دەکات پاش خۆکوژی هاوڕێکەی, کە شیکردنەوەی ئەم لایەنە کاری ئەم نووسینەی من نییە.

عەزیز مەحمود پور لەچیرۆکی (کەس نازانێ خاڵم چۆناو چۆن خۆی دەکوژێ) [٥] ئەوە دەخاتەڕوو کە خاڵی بەڵێنی بەخزم و کەسوکار داوە کە خۆی بکوژێ و هەموان کەوتوون.

(سیامەند هادی) لەچیرۆکی(ئەو ژوورەی هاوڕێکەم خۆی تیا کوشت)[٤] تەوزیفی خۆکوژی یەکێك لەهاوڕێکانی دەکات کە پێکەوە مامۆستا بوون و هەردووکیان لەژووڕێکدا ژیانیان گوزەراندووە, نووسەر هۆکاری خۆکوژی هاوڕێکەی بۆ بێئومێدی و ڕەشبینی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت(هاوڕێکەم لەپەیڤەکانیدا هیچ دەرفەتێکی بۆ باوەشکردن بەژیاندا نەدەبینی. هەموو تولەرێیەکانی هیواو ئومێدی دەبڕدەوە سەر خەرەندی ڕۆژچوون. گەشبینی مرۆڤی بەخۆهەڵەلەتاندن دەژانی و دەربارەی مردنیش دەیگوت: دەبوایە مرۆڤ نەیزانیبایە کە دەمرێت, چونکە تۆ کاتێك بزانیت هەر دەمریت ئیدی تاکو زووتر بمریت پەتی خەیاڵی ئەو ترس و نائومێدییە کورتتر دەبێت). دواتر

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١-ئەریک فرۆم, شۆڕشی ئومێد, وەرگێڕانی لەفارسییەوە: هەژار جوانڕۆیی, لەبلاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ساڵی (٢٠٠٥).

٢-ئەلبێرت کامۆ, ئەفسانەی سیزف, وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی , گۆڤاری ئایندە ژمارە (٤) ساڵی (١٩٩٩).

٣-فرنتز کافکا, مەسخ (بەدگۆڕان), وەرگێڕانی: جەلیل کاکە وەیس- ساڵی (٢٠٠٢)

٤-سیامەند هادی، چیرۆکی(ئەو ژوورەی هاوڕێکەم خۆی تیاکوشت) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (١٧-١٨). هەر ئەم چیرۆکە لەفیستیڤاڵی چوارەمدا گەلاوێژدا خەلاتی یەکەمی بەدەستهێنا.

٥-عەزیز مەحمود پور, چیرۆکی (کەس نازانێ خاڵم چۆناو چۆن خۆی دەکوژێ), گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (٣٢-٣٣). هەر ئەم چیرۆکە لەفیستیڤاڵی حەوتەمی گەلاوێژدا خەلاتی دووەمی بەدەستهێنا.

٦-دلشاد عەبدوڵڵا, شیعری پرۆژەی کوشتنی خۆ, گۆڤاری ڕامان ژمارە (٨٦-٨٧) ساڵی (٢٠٠٤).

٧-بەرزان هەستیار, شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن), ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٢٢٤) ڕۆژی (١٨/ ٥/ ٢٠٠٥).

ڕۆشنا ئیبراهیم بەزمانی سویدی دیوانێکی شیعری نووسیوە

حەمە دۆستان



ڕۆشنا ئیبراهیم لەتەمەنی یانزە ساڵیدا کوردستانی بەجیهێڵاوەو لەگەڵ خێزانەکەیداو لەساڵی ١٩٨٨ بوونەتە پەناهەندە لەسوید. لەزانکۆ بەشی ئابووری خوێندووەو نزیکەی دووساڵ دەبێت ڕۆشنا خان گەڕاوەتەوە کوردستان و وەکو وەرگێڕی زمانی ئینگلیزی و سوێدی کار دەکات. ژیانی پەناهەندەیی و بەجیهێڵانی نیشتیمان کارێکی زۆری کردۆتە سەر ڕۆشنا خان. زۆربەی شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی سۆزو ئیشتیاق و بیرکردنی کەسوکارو دەرخستنی ئازاری گەل و نیشتیمانە. لەناو دێڕی شیعرەکاندا بەئاشکرا دەردەکەوێ کە ڕۆشنا زۆر بەپەرۆش بووە ڕۆژێك بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئازادو کۆتایی بەسەردەمی پەناهەندەیی بهێنێ. لەیەکێك لەشیعرەکانیدا دەڵێ: **(دڵم خەریکە وەك شووشە دەشکێ/ تەنها دەنگی ئەوان دەبیسم/ هەمیشە وەکو چەقۆ ناخم دەبڕێ/ تەنانەت لەخەونەکانیشمدا وازم لێناهێنێ)**. من بێئاگا بووم لەتوانای شیعر نووسینی ڕۆشنا خان و بەڕێکەوت ئەوم ناسی. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ڕۆشنا خان ڕۆمانەکانی منی خوێندبووەوە. کاتێك ڕۆشنا خان باسی ئەوەی کرد کە دیوانی شیعری بەزمانی سویدی نووسیووە، دڵخۆش بووم بەوەی کە شیعرەکانی بخوێنمەوە. هەر کە یەکەم شیعری دیوانەکەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت کە ڕۆشنا شاعیرێکی بەهرەدارە، دیوانەکەم دانەنا تا هەموو شیعرەکانم خوێندەوە کە بریتی بوون لە٥٨ شیعر, هەریەکە لەشیعرەکان تاموچێژێکی تایبەتی هەبوو, ئەوەی کە خاڵی بەهێزە لەشیعرەکاندا دەربڕینی موعاناتی تەنها کەس و هەروەها خۆمان و جوانی لەناوێ دێڕەکاندا دەبینینەوەو لەبیرماندا یادگارێك بەجێدەهێڵێ وەکو ئەم هۆنراوەیەی لای خوارەوە:

(بۆچی ژیانێکت داومەتێ/ کە نەتوانم وەکو خۆم دەمەوێ بژیم/ بۆچی لەشێکت داومەتێ/ کە نەتوانم بڕیاری لەسەر بدەم/ بۆچی زمانێکی دەولەمەندی جۆراوجۆرت پێبەخشیووم/ کە نەتوانم ڕای خۆمی پێ دەربڕم/ بۆ مێشکێکی بێ سنوورت داومەتێ/ کە نەتوانم بەزەوقی خۆم بیرەکانم بەکاربێنم/ بۆ دڵێکی خاوەن هەستت پێبەخشیووم/ کە نەتوانم لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا/ بەکاری بهێنم/ بۆچی دوو چاوت داومەتێ/ کە من هەر بەتەنها تاریکی ئەم دونیایەی پێ ببینم). من هەندێ شیعرم لەسوید بلاوکردۆتەوەو تۆزێك شارەزای شیعری سویدیم. کاتێك شیعرەکانی ڕۆشنا خانم بەراورد کرد لەگەڵ هۆنراوەکانی خۆمدا شیعرەکانی ئەو زۆر لەوانەی من جوانتر بوون. ئەو شیعرانەی کە سەبارەت بەژیانی پەناهەندەییە. لەو شیعرەکاندا ڕەنگدانەوەی دوو کەلتوری جیاوازو سەرلێشێوانی تەنها کەس بەزمانێکی شیرین و لەهەمان کات ناوەڕۆکێکی ئینسانی سەیری تیا دەردەکەوێت. بەگشتی ڕاستگۆیی و هەستی پر سۆز ئەوەندەی تر هۆنراوەکان دەڕازێننەوە. وەکو ئەو هۆنراوەیەی کە بۆ هەڵبجە نووسراوە:

(چاوم لەیەك دەنێم و/ بیرم دەکەوێتەوە/ لەپەنجەرەی سەیارەکەمەوە/ سەوزاییەك دەبینم لەبەردەممدا/ تێدەپەڕێ/ نزیك شارە شەهیدبووەکە دەکەومەوە/ دڵم خێرا لێدەداو/ لەکوتان ناکەوێ./ چاوەکانم دەکەمەوەو/ پرمەی گریان زۆرم بۆ دێنێ/ هەست دەکەم دڵم/ لافاوی خەم بەکێشی دەکا....).

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە شیعرە پرهەستەکانی ڕۆشنا خان جیهانی دەروونی تەنها کەس دەوڵەمەند دەکەن و خۆمان لەنێو دێڕەکانیاندا دەبینینەوەو بەتایبەت ئەو کەسانەی کە بوونەتە پەناهەندەو لەوڵاتیکی غەریبدا دەژین.